# پاسەپۆرتی ڕاز..!

سەرهەنگ حەمە ساڵح

ئەمشەو ڕاز
وەك ئەستێرە دە ڕژێتە نێو
قەد پاڵی ئەم شەوە تاریکانەی
کە مەرامێکی پڕ تامەزرۆ
خۆی لێ حەشار داوە
تارمایی چاو
کوێرە لە ڕاست ئەم ئازارانەی
زەمانێکە یاری بە ڕووناکی
خۆر دەکات...
تریفەی مانگ بەسیمای زەردی
ئەم ئێوارەیە پێدەکەنێ
بەڵێنیش بە شەوە زەنگێکی کپ دەدا
کە لەژوانێکی پڕ حەسرەتدا
پەیامی پڕ خۆشەویستی
بەسەر دوو دڵ پەخش بکا
کە لەنێو سینەیەکی پڕ تامەزرۆ
حەزە تینوەکانی لێ دەبریسکیتەوە..
ئا لەم ساتە پەنجە سیسەکانم
لەسەر سینەی تۆ دەسرەوێ
حەیرانیك بۆ دڵ
سەردولکەیەك بۆ شەو
دروشمی ئەوینێکی پاك
بە ئاسمانی شارێکی خامۆشدا هەڵدەواسێ..
لەژێر شەپۆلەکانی
سیمای دوو جەستەی نامۆدا
نەورەسەکانی حەز
بۆ ئەم دەڤەرە پڕ ئەوینە
کۆچ دەکەن..
لەژێر بنمیچی ئەو عەشقەی نێوانمان
هێلانەی خۆشی چێ دەکەن..!

**نا ئازیز نەكەی**

**پەی بەم هەڵویستانەم نەبەی**

**كە ماوەیەكە وەك ملوانكە**

**ڕیزم كردووە بۆ گەردنت..**

**گلەیی لەم ماچانەم نەكەی**

**كە مۆركی حەزێكی پڕ حەسرەت**

**لەسەر سینەت دەپرژێنێ**

**هاتووم لە نیشتیمانی دڵت نیشتەجێ بم**

**تەنها جارێك فیزەی ئەوەم پێ بدە**

**دەستی لەرزۆكم**

**لە سنووری دوگمەكانت بپەڕنەوە..**

**ئەوسا لەم ژوانە بێ ئۆقرەیە**

**پاسەپۆرتی ڕاز**

**لەسۆمای چاوەكانت وەردەگرم..!**

Xamosh_serheng@yahoo.com